کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-9-2007 0:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

**چاک بەردەوامە لە ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە داگیرکەری ئێران.**

بەهۆی تۆپبارانی بەردەوامی داگیرکەران (ئێران، تورکیا) بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان، کە بۆتە هۆی ئاوارە بوونی سەدان خێزانی کورد و پێشێل کردنی سنوری باشووری کوردستان، ناوەندی چاک-سوێد رۆژی 2007/9/8، کاتژمێر 13، 30 بۆ 14، 30 لە شاری ستۆکهۆڵم، خۆپیشاندانێکی هێمنانەی لە بەردەم باڵوێز خانەی ئێران ئەنجامدا شایەنی باسە ئەگەرچی باران بە لێزمە دەباری و دووری چەندین کیلۆمەتر ی باڵوێز خانەکە لە سەنتەری شاردا، کە چی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی چاک و دۆستانی لە شارەکانی ستۆکهۆلم، ئیسکلیستونە، ئۆپسالە ئامادە بوون.

لە گەرمەی خۆپیشانداندا نوێنەری چاک وتارێکی بە زمانی کوردی خوێندەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە سەرەرای ئەوەی سەدان ساڵە رژێمی ئێران تاوانی هەمەجۆر دژ بەگەلەکەمان ئەنجام دەدات، تا واز لە ئازادیەکانی خۆی بهێنێ، کەچی گەلی کورد بەردەوام بووە، لە خەباتی خۆی بۆ بەدەست هێنانی مافی بریاری چارەنوسدا







دواتر لەلایەن نوێنەری پژاکەوە وتارێک خوێنرایەوە کە ئامانجی سیاسی خۆیان و ئیدانەکردنی تۆپباران بۆ سەر خەلکی سڤیل دوپات کرایەوە، وە داوای لە خۆپیشاندەران کرد کە ئاگادار بن ئێمە دەمانەوێت لولەی تفەنگەکانمان ئاراستەی ئەو دەوڵەتە بکەین کە ئێستا سەفارەتەکەی لەبەرامبەرمان دایە نەوەک برا و هێزە سیاسیەکانمان لە باشوری کوردستاندا.

شەریفە خان بەناوی خۆپیشاندەرانەوە وتارێکی بە زمانی فارسی خوێندەوە کە ئیدانەی تۆپبارانی رژێمی داگیرکەری ئێرانی کرد بۆ سەر خاکی کوردستاندا.

لەکۆتایشدا داخوازی خۆپیشاندەران خوێندرایەوە کە خۆی لە

1. راگرتنی دەستبەجێی تۆپباران بۆ سەر خاک و خەڵکی باشووری کوردستاندا.
2. داوای لێ بوردن لەخەلکی کوردستان بکرێت وقەرەبوی مادی ئەو دێهاتانە بکرێت کە بەهۆی تۆپبارانەوە زیانی مادیان پێ گەیشتوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

3. چارەسەر کردنی کێشەی کورد لەبەشی ڕۆژهەڵاتدا کە خۆی ببینێتەوە لە مافی بڕیاردانی چارەنوسدا.

شایەنی باسە سەفارەتی ئیران وەک پیشەی هەمیشەیان کە زۆر پەستن بە خۆپیشاندانی کوردان لەبەردەم سەفارەتاکانیاندا، ئامادە نەبوون داخوازی نامەی خۆپیشاندەران وەر بگرن، بۆیە بریار درا بە شێوازی پۆست ئاراستەیان بکرێت.

ناوەندی چاک/ سوێد
20070908
Chak_org@yahoo. com
www. chak. be

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.